# پەیڤێك بۆ شەهید هەڵمەت

حسەین یەزدانپەنا



شەهید هەڵمەت

یەکێ لەو کەسانەی کە شەهیدبوونی داخێکی گرانی خستە سەر دڵ من و باقی هاوسەنگەرانی ، " هەڵمەت " بوو ؛ " عەلی ئیبراهیم پوور " .

هەڵمەتی جوانەمەرگ هێشتا مێر منداڵێ بوو کە رووی لە ریزەکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی کرد. خەزەڵوەری ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوی ( ١٩٩١ ) ، کاتێ کە تەنیا ١٣ بەهاری تەمەنی تێپەڕاندبوو.

من کاتێ هەڵمەتم بینی تازە چەن رۆژێ بوو چلەی شەهید بوونی کاك سەعیدم تێپەڕیبوو ، هێشتا هەر میوانی پرسەکەرمان هەبوو . ئەو کاتەمان تەژی بوو لە ساتەکانی تەما و نائومێدی. ئا لەو کاتەدا ، بینینی تازە لاوێکی کورد کە کەسوکار و مەدرەسەی جێهێشتووە و رووی لە پێشمەرگایەتی کردوە ، هیوا بەخش و خەمرەوێن بوو . بە تایبەتی کە حازر نییە بچێتە بن باری تکامان کە " هێشتا بۆ تۆ زووە ، بگەڕێوە ، مەدرەسە تەواو کە جا وەرەوە ، پێشمەرگایەتی هەر بە چەك هەڵگرتن نییە " و ..تاد. ناچار ئێمە ملمان دایە ویستی ئەو. بە پێشمەرگە وەرگیرا و نێردرایە فێرگە . زۆرم خەم بوو . بەرپرسانی پێوەندیدارم راسپارد بۆ ئەوەی ئاگای تایبەتیان لێی بێ ....

هەڵمەت وا ملی لە پێشمەرگایەتی نابوو کە ساڵ بە ساڵ لەگەڵ گەورە بوون و باڵاکێشاندا ، وشیاری و تێگەیشتنی سیاسیی و رێکخراوەیی هەڵدەکشا. هەڵمەت هەر وەك لە مەدرەسەکەیان لە " دۆڵە گەرمێ " هەموو ساڵێ لە یەکەمەکان بوو ، لە ریزی پێشمەرگایەتیشدا هەر بەو تەرزە بوو . تا وای لێهات بەو تەمەنە کەمەوە ئاوەز و ژیریی پیاوێکی کامڵ وەدەسبێنێ ... هەڵمەت ببوە کوڕی کارە زەحمەت و گرینگەکان . هەر کوێ پێویستی بە راستگۆیی و بوێری و پاکیی زیاتر بایە ، هەڵمەت لەوێ دەبوو. درگای ماڵ وشوێنی کارم بۆ هەڵمەت هەمیشە لەسەر پشتبوون . هەڵمەت سیمبول و نموونەی ئەو خەباتگێڕانە بوو کە یەکێتی شۆڕشگێڕانیکوردستان حەولی پەروەردەبوونیان دەدا .

هەڵمەت لە بەهاری ساڵی ١٣٧٥(١٩٩٦)ەوە گرووی چوونەوە ناوچەی لێگرتین. ئیتر گەورە ببوو . باڵای کردبوو، روخساری منالی روو لە تەواو بوون بوو ،خۆی بە پیاو دادەنا . دەیویست پاش ٥ ساڵ و دوایئەو گەشە و هەڵدانە ، پاش ئەوەی لە خۆی رادەدی باس لە کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بکا ***" بە پێشمەرگایەتی بگەڕێتەوە بۆ دۆڵە گەرمێ و کەسوکار و هاواڵەکانی نێو گوند و مووچە و مەدرەسەی ببینن و بزانن عەلی بووەتە چ پیاوێك "*** .

من بە دڵ حەزم نەدەکرد هەڵمەت بچێتەوە . نەك لەبەر ئەوەی لێمڕانەدەدی. بەڵکو دڵم نەدەهات . بەڵام دیاربوو هەڵمەت ئەمجاریش بڕیاری یەکجاریی خۆی دابوو ؛" دەبێ هەر بچمەوە !" سەرەنجام سەپاندی بەسەرماندا . وەك بەرپرسی سیاسی و راگەیاندنی دەستەی پارتیزان دیاریی کرا . ئەو رۆژانەم لەبەر چاوە. ئیتر کەمتر هەڵمەتم دەدی. لە ئۆرگانی کاردا نەمابوو . هاتووچۆی منیشی کەمتر دەکرد . کە دەمدیی

سەرلەبەر جۆش و خرۆش و خۆسازدان بوو . جلوبەرگە خاکیەکانی ، چەك و فیشەکدانەکەی، ئالاَّکەی بەرۆکی ، پشتوێن و جامانەکەی ملی، پووزەوانەی توند و تۆڵی و پێکەنینی غەریبی پێشتر نەبووی ؛ دوایین سیمای هەڵمەت بوون کە هەرگیز لە پێش چاوم ون نابێ و لەسەر لەوحی زەینم نەخشی هەتایی بەستووە ...ساڵێکی شووم بوو. وەرزەکانی پڕ بوون لە نەهاتیی.

هەڵمەت رۆیی. بەڵام قەت نەگەڕایەوە . عەشقی شاد بوونەوە بە " دۆڵە گەرمێ " و بینینی کەسوکار و هاواڵەکانی بە فیتی " بەکرە شۆفار "ی کورد، بردە ژێر گڵ . ئەوەی لێی دەترسام رووی دابوو . بەڵام نەمدەویست باوەڕ بکەم ... رۆژانێکی زۆر چاولەرێ بووم .ئێوارانێکی زۆر بەرانبەر جادەکەی مقەر دانیشتم،تا چاو هەتەری دەکرد دەمڕوانی تا بەڵکوو ماشێنێك لە ڕێوە بێ و هەڵمەتی تێدابێ .شەوانێك تا درەنگان گوێم شل کرد تا بەشکم کەسێك قاوم لێبکا:"مزگێنییم دەیە هەڵمەت گەڕایەوە" !

هەڵمەت!شۆڕەلاوەکەی پیرەنیشتمانم! ئێستا کە ئەم دێڕانە بۆ یادت دەنووسم تۆ لەنێو دەریای بێبەستێنی بیرەوەرییەکانمدا مەلە و ملە دەکەی،چاو بە عەکسەکانتا دەگێڕم ، ژیاننامەکەت دەخوێنمەوە کە باس لە رۆژانی منداڵی و مەدرەسەن : *" ساڵی ١٣٧٠ یەك دوو هەفتە چووەمەوە مەدرەسە ، کاتێ تێگەیشتم کە کورد لە چارە رەشی و مەینەتدا دەژی دەستم لە خوێندن هەڵگرت و بڕیارم دا ببمەپێشمەرگە بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان لەژێر ستەم و زوڵم رزگار بکەم و خزمەتیان پێبکەم"* . چاو بە نامە و فۆڕمەکانی پەروەندەی سەروبەندی سەروەریتا دەخشێنم کە یادگاری رۆژانی کۆڵنەدان و حەماسەن :"سوێند دەخۆم بە *کوردستان و بەشەهیدەکانیپێشمەرگەی وەفادار و لەخۆ بوردوی یەکێتی شۆڕشگێڕان بم" و " لە پێناو ئامانجەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕاندا کە ئامانجی گەلی کوردن، بەسەر و ماڵ فیداکاری بکەم"* . منیش رێژنەیێك فرمێسکی خۆشەویستی و وەفایان تێکەڵ دەکەم.

٢٠٠٥/١/١١